www.kurdistannet.org
28-11-2006 22:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# منداڵ و پەووەردە وفێرکردن لەنێوان ستی دەسەڵات و گێژاوی کۆمەڵگادا ... هەورامان علی تۆفیق

ئەڵمانیا
Berzi-san@web. de



منداڵ و پەروەردەکردنی کارێکی گرنگ و پاشەڕۆژی و بناغەی شارستانیەت و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگایەکە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەستەبەردەکرێ. بەشێوەیەك کە پەروەردەو فێرکردن وەك دوو دەزگایی جیاواز بەڵام پەیوەست بەیەکەوە کە ئەو پەیوەندیە بەجۆرێك دەستەبەربکرێت کاریگەری تەواوی لەو بنیاتنانەوەو پێشکەتنانەدا هەبێت. ئەمەش بۆ دابین کردن و دروست کردنی ئایندەیەکە بۆ بەرهەم هێنان و پەوەردەکردنی دەستی کارە بۆ وولات لەسەر ڕەوتێکی شارستانی و مۆدێرن بەڕێوەبرێت ولەهەڵدێرو لادان ئەو کۆمەڵگایە بپارێزێت.
وولاتێکی وەك کۆریا لەسالانی 1976 بۆ زیاتر پتەوکردنی بواری پەوەردەیی و پێگەیاندنی منداڵان یاسایی نۆیی هێنایە ئاراوە بۆ زیاتر بەهێزکردنی یاساکانی پێشترو نوێکردنەوەیان بەفکرو شێوازی پەروەردەیی نوێ تا منداڵان بەو شێوە ڕاست و دروستە پەروەردەبکرێن و فێربکرێن..
لەهەمان کات ئەگەر سەیری وولاتانی ئەوروپی بکەین و شێوازی ڕەفتارکردنیان لەگەڵ منداڵان و جۆری پەیوەردەکردن و ڕێچکەیان بۆ فێربوون لەچ ئاستێك دایە.. بۆیە گرنگە هەمیشە ئێمەی کورد بۆ پێگەیاندنی منداڵان و دروست کردنیان بۆ دواڕۆژ بەوشێوازە تازە زانستیە پێشکەوتوانە هەنگاو بنێین و منالەکانمان لەسەر ئەو بنەمایانە پەروەردەبکەین.
ئەمەش پێویستی بەیاسا و پلانی درێژخایەن و کاربۆکراو هەیە کەواتە کە پلانێك بەشێوەیەکی بەرفراوان و جدی نەبێت و کاری جدیانەی بۆ نەکرێت ئەویش وەك هەموو پلانەکانی ترمان دەرەنجامەکانی شکەستهێنانە.. گرنگ ترین هەنگاوو یەکەم ڕێچکەی ڕاستەقینەی ئەم گۆڕانکاریانە ئەوەیە کە (باخچەی ساوایان) بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان و بەگوێرەی ئەو منداڵانەی کە لەو ناوچەیەدا هەن دروست بکرێن و ناردنی منداڵان لەتەمەنی سێ سالیەوە کە چۆن ناردنی منداڵان بۆ قوتابخانە کراوەتە تەوزیمی ئەوە گرنگە ئەو خالە دەستکاری بکرێت و ئەو ئیلزامیە لەسێ ساڵیەوە دەست پێبکات.. ڕەنگە لە کۆمەڵگایەتی کوردەواری کە لەم ئاستەی ئێستایدا کەمێك گران بێت بەڵام هەوڵدان و ماندووبوون پێویستن بۆ گەیشتن بەئەنجام.. دانانی سزا بۆ ئەو خێزانانەی سەرپێچی ئەم هەنگاوانانە دەکەن.. بەڵام پلان و یاسا و پێداویستی و مسەوگەرکردن و کردنەوەی دەرگا بۆ ئافرەتان تا چالاکی جموجوڵی تایبەت بەوهەنگاوانە و دابین کردنی دەزگا تەندروستیەکان لە دکتۆری منداڵان لەو باخچەی ساوایانە و چاودێری کردنی باری تەندروستی منداڵان هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ هەموو بوارەکانی دی پەروەردەیی و فێرکردن.. ئامادەکردنی ئەو کەسانەی کەلەم بوارەدا کاردەکەن بەتایبەت ئەم ئەرکە بۆ ئافرەتان دەبێت و پێویستە پەیمانگاو قۆناغی تایبەت بەم کارەبەشێوەیەکی زانستی بکرێتەوە تابتوانرێ بەجۆرێکی زانستیانە ترو کراوەتر لەو شێوازەی ئێستای منداڵان پەروەردەبکرێن.

ئەمەش گرنگە لەبڕگەكانی دەستوردا وەك یەكەم دەستوورێك بۆ ئەم هەرێمەو یەكەم هەنگاو پێویستە هەموو لایەنەكانی ژیانی ئەم كۆمەڵگایە لەخۆبگرێت و ئەو فاكتەرەسەرەكیانەی كە دەبنە بنەمایەك بۆ دروست بوونی كۆمەڵگا زیاتر لەهەموو بابەتەكانی دی گرنگی پێبدرێت.

دروست كردنی دەزگا پەروەردەیی و فێركاریەكان بەشێوەیەكی ڕاست و دروست و لەسەر بنەمایەكی پتەو زانستیانە خۆ لەخۆیدا چارەسەركردنی زۆر لەو كێشانەیە كە لەئەمڕۆی ژیانماندا بەدەستیانەوە دەناڵێنین و بۆمان چارەسەرناكرێن چونكە لەژیان و كاری ڕۆژانەو ناخماندا ئاوێتەبوون و بوونەتە پارچەیەك لەئێمە و توانای دەربازبوونمان لێیان نیە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر هەڵەی پەروەردەو فێركردن و گێژاوی ئەم كۆمەڵگایەش، بۆ ئەم هەڵانە ئەگەر ڕاست كرانەوە بۆ نەوەكانی داهاتوو ئەم گرفتە كۆمەلایەتیانەی ئێستامان دووبارەنابنەوە.

چارەسەركردنی پەیوەندیەكان و پێكەوە گرێدانیان لەوانەی پەروەردە، فێركاری و تەشەنەكردن و بوارە پیشەیەكان و خوێندنی باڵاو پێشكەوتن وچاكسازی و هەموو ئەو پەیوەندیە گرنگانەی دی كەڕاستەخۆ دەبێ پەیوەندیەكانیان پێكەوە لەسەر بنەمایەكی زانستی و یاسایی و پلان داڕێژ بێت.

سەرەتا بۆ ئەوەی كۆڵەكەكانی كۆمەڵگا بۆ ئایندە پتەوبكرێن پێویستە زۆر هەنگاوی گرنگ هەبن و هەندێك لەوانە وەك ووتم هەوڵی ئەوە بدرێت لەبری ئەوەی لەتەمەنی شەش ساڵیەوە منداڵ تەوزیمی بۆ قوتابخانە ڕەوانەكرێت لەبری ئەوە لەتەمەنی سێ ساڵیەوە منداڵان بەتەوزیمی بەرەو باخچەی ساوایان ڕەوانەكرێن و بەو شێوەیە بەپێ ی ژمارەی دانیشتوانی ئەو گەڕەكانە و ئەو منداڵانەی لەو ناوچانەدا هەن ئەوەندە باخچەی ساوایان بكرێنەوە، دواتر لەم پێگەیەوە و ئەوانەی لەم قۆناغەوە دەست پێدەكەن و دوای چوونیان بۆ قۆتابخانە ئەو شێوە قوتابخانە چاولێگەریانەی كە ئێستا بوونیان هەیە.

لە جیاوازی نێوان كوڕان كچان و نەمانی، واتە قوتابخانەكان تێكەڵ بكرێن و ئەو جیاوازیە كۆتایی پێبێت بۆ نەوەكانی داهاتوو، ئەم هەنگاوە لەزۆر گرفتی كۆمەلایەتی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە كۆمەڵگا ڕزگاری دەبێت و دەبێتە چارەسەرێكی زانستیانەو لەسەرخۆو هێور كە هەموو لایەك بەبێ هەست كردن بەگرژی ئەو هەنگاوە قبوڵ دەكرێت و دەبێتە ئەمری واقع بۆ ئەوانەی دژی لەم شێوە هەنگاوانەن كە كۆمەڵگا بەرەو شارستانیەت و پێشكەوتن و زانست دەبات، بەردەوام بوون لەتوێژینەوە و لێكۆڵینەوە زانستیەكان سەبارەت بە گۆڕینی شێوەی پەروەردەیی و فێركاریەكان و پەرەپێدانیان بەجۆرێك كە لەگەڵ بارودۆخ و ئاستی كۆمەلایەتی و سیاسی نەتەوەیی كوردا دەگونجێن. بەشی ئیداری یان بەڕێوەبەری بواری پەروەدەیی و فێركاری دەبێ بەهەموو شێوەیەكی زانستیانە گۆش بكرێن و سود لەشارەزایی و پسپۆڕی لێهاتووی دەرەوەی وولات وەربگیرێت و ئەومەڵبەندو ڕێكخراوە پیشەییانە بەرەوزیاترو بەهێزتركردن ببرێن و هانی گەنجان و لاوان بدرێت بۆئەوەی لەم بوارانەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت شان بەشانی ئافرەتان یاسا پەروەردەییەكان و ڕەچاوكردنی هەموو ئەوپڕەنسیپە نێودەوڵەتیانەی كە داكۆكی لەمافی منداڵ و ئافرەت كە لەم كۆمەڵگایەدا زیاتر هەموو شتێك تووشی زوڵم و زۆر و ئەشكەنجە دەبن لەلایەن پیاوەوەو بەجۆرێك ئەو یاسایانە زامنی پاراستنیان بن لەدژی ئەو زۆرداری و دەست درێژیانەی دەكرێتە سەریان. خوێندنگا پیشەییەكان گرنگ ترین هەنگاون بۆ دروست كردنی كۆمەڵگایەكی بەرهەم هێنەر بەپێچەوانەی ئەم كۆمەڵگای ئێمەوە چونكە بێ لەو چالاكیە كەم و كورتیانەی بازاڕی پیشەیی و بەرهەم هێنانی خۆماڵی، زیاتر ئەوەی بەرچاوە ئەوانەن كە كارمەندن و لەدەزگاكاندا كاردەكەن دوور لەبواری بەرهەم هێنان، كەواتە بەهێزی وولات لەزانست و دەستی كارگەری بەهێز و زیڕینەوەیە. بۆیە دروست كردنی خوێندنگا پیشەییەكان لەهەموو ئەو بوارانەی ژیاندا واتە هەموو كارێكی بەرهەم هێنەر هەوڵ بدرێت لە ئاستێكی زانستی و تەكنەلۆژیەوە

بەرهەم بهێنرێت.. لەگەڵ گرنگی دان بەزانكۆ بەڵام نەك بەم شێوەی ئێستا دروست كردنی هۆڵێك و دانانی چەند مێزێك ناوی لێدەنێن زانكۆ، ڕەنگە زانكۆ زۆر لەوە گەورەترە كە بەرپرسە پەروەردەییەكانی ئەمڕۆ بیری لێدەكەنەوە و پلانی بۆ دادەنێن چونكە زانكۆ مەڵبەندێكە بۆ زانست و زانیاری و دەرگایەكە بۆ پشكەوتنە كۆمەڵایەتیەكان نەك بۆ ڕازی كردن و دڵنەوایی كردنی ئەم و ئەو...

زۆر جار هەندێ جیاوازی بیروڕا یان تێنەگەیشتن لەیەكتری و وروژاندنی ڕای گشتی لەسەر ئەو بابەتانە، لایەنی دەروونی ئەوانەی پەیوەندیان بەوباتەوە هەیە دەخاتە بارێكی خراپەوە. لەوانە باس لەسەر دووبارە بوونەوەی لێدانی مندالان یان قوتابیان لە قوتابخانەكاندا و دووبارە پاشگەزبوونەی بەرپرسانی پەروەردە لەم هەڵوێستە، ، ئەوە دەگەێنێ ئەوانەی لەم بوارانەدا كاردەن ئەو پلان و بەرنامەڕێژیە تەواوەیان بەدەستەوەنیە كە كارەكانیانی لەسەر ئەنجام بدەن چوونكە بەبوونی بەرنامەڕێژی تەواوو هەڵەی لەم شێوە دروست نابێ..

كەواتە یەك بوون و كۆك بوون لەسەر ئەوەی كە دەستووری هەرێم پێویستە زیاترو ڕونتر لە ئێستا باس لە لایەنەكانی مندالان و پەروەردەو فێركاری بەشێوەیەكی زانستیانەی درێژخایەن بكات و هەموو لایەنەكان لەخۆبگرێت و زۆر ووردتر و ڕوون تر لەسەریان بدوێ تا سەرجەم مافەكان بپارێزرێن و ئایندەیكی ڕوناكتر پێش چاوبخرێ لەوەی كە ئێستا هەیە، چونكە لە واقعی ئێستاماندا ئەم بوارە لاوازی پێوەدیارە و هیچ كات ڕاپرسی و توێژینەوە لەسەر ئەوە نەكراوە كە تاچەند لەم هەنگاوانەدا سەركەوتن بەدەست هاتووە و تاچەند پێویستە پەرەی پێبدرێت و دەبێ چیتر بكرێت بۆ زیاتر پێشكەوتن و ئەو هەڵەو كەمووكوڕیانە كامانەن و هۆكارەكانیان چین.. ؟؟؟ ئەمانە كۆمەڵێك پرسیارن دەبێ ساڵانە دووربارەبكرێنەوە و بەدواچوون و لێكۆڵینەوە و لێپرسینەوە هەبێت نەك پشت گوێخستن.